دارایی عێراق هەکاری پێنەدانی تەویلی موچەی هەرێمی کوردستان بۆ مانگی ئایار ووندەکاتەوە



وەزارەتی دارایی عێراق وەڵامی راگەیێندراوی ئەوارەی ئەمڕۆی وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستانی دایەوە و دەڵێت: "ئەمە پابەندی بەیاری دادگە بووین."

وەزارەتی دارایی عێراق رووونکردنەوەیەکی حەوت خاڵی لەبارەی ئەوە باوکردووەتەوە کە ناتوانێت پارەی موچە بە هەرێمی کوردستان بنێرێت.

وەزارەتی دارایی رایگەیاندووە کە "بگوڕەی یاسای بودجە و بڕیاری دادگەی باڵای فیدراڵی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان داهاتی نەوتی و نانەوتی ڕادەستی حکومەتی فیدراڵی بکات" تاوەکو وەزارەتی دارایی پارەی موچە بدات و دەڵێت: "وەزارەتی دارایی پابەند بووە بە یاسا و بڕیاری دادگەی فیدراڵی، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند نەبووە".

باسی لەوەشکردوە، بەپێی یاسا، لیژنەی باڵای وردبینی فیدراڵی و لیژنەی باڵای وردبینی هەرێمی ڕاپۆرتی خێیان لەسەر حسابات حکومەتی هەرێم باوکردەوە، داهاتی نەوت و نانەوتیان ئاشکراکرد کە ڕادەستی حکومەتی فیدراڵی نەکراوە، هەرچەندە ئەو پارەیەی لە وەزارەتی

دارایی‌یەوە لە چوارچێوەی پشکی هەرێمدا بو کە لە یاسای بودجەدا دیاریکراوە، بەڵام ئەو داهاتە نەوتی و نانەوتانەی کە حکومەتی هەرێم لەتیکردەوە رادەستی خەزێنەی گشتی بکات، زیاتر بو لە پشکی هەرێم کە لە یاسای بودجە و بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیدا دیاریکراوە".

ئەوەشیخستەڕو، "حکومەتی هەرێم پابەند نەبوە بە تەوتینی موچە بەپێی یاسا و بڕیاری دادگای فیدڕاڵی، سەرەڕای تێپەڕبونی ماوەیەکی زۆر، هەروەها حکومەتی هەرێم بەرپرسیارێتی پێشێلکردنی بڕیاری دادگای فیدڕاڵی سەبارەت بە موچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و چاودێری کەمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان هەڵدەگرێت، لە ئەنجامی رادەست نەکردنی داهاتی نەوت و نا نەوتی بە خەزێنەی گشتی".

وەزارەتی دارایی عێراق ئاشکراشیکردوە، "هادەستنەکردنی نەوتی کێگەکانی هەرێم بە کۆمپانیای سۆمۆ لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەگوێرەی یاسای بودجەی فیدراڵی و دەستپێنەکردنی هەناردەکردنی نەوت دوای پەسەندکردنی هەموارکردنەوەی بودجەی فیدڕاڵی وایکردوە خەزێنەی گشتی بە ترلیۆن دینار زیانی پێبگات"